# تێکەڵبوون

خولیا حسێن



کەنەدا/2005/11/03

که له ره‌نگی زه‌رد ده‌روانم
ده‌خزێمه نێو شه‌پۆله سیحراویه‌کانی خۆره‌تاو و
ده‌ست ده‌که‌مه نێو ده‌سته‌کانی سبه‌ینێ و یاری ده‌که‌م به پڵپڵه و
به گه‌ردانه‌ی گه‌زه نگی ئه‌و به‌یانیانه‌ی
له نێو خه‌ونه‌کانم خه‌وتوون .
شین , راکشانه له قه‌راخ ده‌ریای ئارامی و
هه‌ڵفرینه به‌ره و باوه‌شی ئاسمان و
هه‌ڵدانی پێکه ئه‌فسووناویه‌کانی نێو باوه‌شی
شیعره ته‌ر ته‌ره‌کانی ئه‌ڤین و
توانه‌وه‌یه له نێو رۆحی به‌رائه‌تدا .
سوور, باز بازێنی ئه‌سپه یاخی بووه‌کانی خه‌یاڵ و
رووتبوونه‌وه‌ی نهێنیه شه‌رمنه‌کانی حه‌ز و
راو کردنی کارمامزه کێویه‌کانی
نێو پێده‌شته کاکی به کاکیه‌کانی عه‌شقه .
که سوور و زه‌رد ده‌ست ده‌که‌نه ملی یه‌ک و
له نێو ره‌نگی یه‌کتریدا بزر ده‌بن ,
تابلۆیه‌کی پرته‌قاڵی له پیشانگای هۆڵی دڵم هه‌ڵده‌واسن.
که ده‌ریا عاشق ده‌بێت و
هه‌ست به ته‌نیایی خۆی ده‌کا ,
خۆر داده‌گرێته باوه‌شی و
دڵداری له گه‌ڵدا ده‌کا ,
له ئاهه‌نگی تێکه‌ڵبوونی خۆره‌تاو و شینی ده‌ریا,
دره‌خته‌کان قژی سه‌وزیان به شانه‌ی با داده‌ێنن و

بۆ مژدانەی بەهارێکی بێ کۆتایی سەما دەکەن.
کە سوور لە یاخی بوونی خۆی بیزار دەبێ و
لە باوەشی ئارامی شین خۆی گوم دەکا,
رۆحم کراسی ئەڤینێکی وەنەوشەیی دەپۆشێت و
لە ژێر گەڵای گوڵە مۆرەکانی عەشق /بە شێنەیی
نهێنی خەونێکی تازە بەیان دەکا .
رەنگەکان بە تەنیاش جوانن ,
بەیەکەوەش پەلکە زێرینەی ئەوین و
مۆسیقای رۆحی ژیانن.
بەڵام ئەگەر من تەنیا بم / نۆتەکانی ئەوینی تۆ نەمجوڵێنێ و
عەشقت نەمهێنێتە سەما,
شەونمی سەر گۆنای تەری یادەکانم وشک دەبێ و
ئەمرۆم لە ژێر داری رووتی چاوەروانی خەمی سبەی لاوکی غەریبی بانگ دەکا .
تۆش بەبی من سەرەداوی ریگاکانی چارەنووست ئاڵۆز دەبێ و
شەپۆلی هاری تەنیایی یاری بە ئازارەکانی رۆحت دەکا.
دە وەرە با چیتر عەشق نەتۆرینین,
ئیستاش هەر وەرزی ئەوینەو
باشەوە ئاوێزانیەکان لە گرەوی خەمێکی تر
نەدۆرێنین!
بە تێکەڵ بونی من و تۆ
هەموو رەنگەکان باڵ دەگرن,
ئاسمانی ژیان پر دەبێ لە رەنگالەی چرۆی حەز و
شەوەکانیش باوەشێک دەبن لە خورپە و
لە نوقڵی ماچی شیرین...!